www.kurdistannet.org
23:35 1-10-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دروستبوونی رای گشتی ... ئەحمەد محەمەد ئابلاخی

یەکێك لەئەرکە گرنگەکانی کەناڵەکانی راگەیاندن هەر بەڕۆژنامەو گۆڤارو رادیۆو تەلەفزیۆن و هەموو ئامرازەکانی تر، دروستکردنی رای گشتییە، رای گشتی بەرامبەر دوو ڕێچکەی جیاواز یەکێکیان لەکاتی بوونی شۆڕشە نیشتمانیەکان و راپەڕینە شۆڕشگێڕییەکان و چاکسازیەکانی کۆمەڵگا بەرەو مەدەنیەت و کاری خێرخوازی و هەموو چاکەکاریەکانی تر، لەم رووەوە کەناڵەکانی راگەیاندن بەهۆی شێوازە جیاکانی وەك شیکاری هەواڵ و نووسینی ستون و ئەنجامدانی ریپۆرتاژو نووسینی وتاری بەئاڕاستە بۆ ئەو چەمکە ئەکەوێتە گەڕ، لەم کاتانەدا سەرنووسەر و هەموو پەیامنێرو نووسەرەکان و ئەوانەی کاری شیکاری رووداوو هەواڵ و ئەوانەی شارەزای گۆڕانکارییەکانن و ئەوانەی ریپۆرتاژ ئەکەن و ئەوانەی بیروهۆشیان بەلای کارە سیاسیی و رۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا ئەچێ، کۆیان ئەکاتەوە بەهەوڵێکی چڕوپڕ هەموویان ئاڕاستە دەکات بەرەو دروستکردنی رایەکی گشتی لەو پێناوەدا، ئاڕاستەی دووەم بەپێچەوانەی ئەوەوە لەکاتی بوونی گەندەڵی و خواروخێچی دەسەڵات و ناڕاستی بڕیارە ئابووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئاڕاستانەی کەباسمانکرد هەموو هەوڵی دروستکردنی رای گشتی ئەدەن بۆ بەرەنگاری و دژ وەستاندنەوەو پەردە هەڵماڵین لەڕووی ناڕاستی و گەندەڵییەکان.

ئەم جۆرە دروستکردنەی رای گشتی بەهەردوو ئاڕاستەکەدا تەنها لەوڵاتی دیموکراتیدا رۆڵی خۆی ئەبینێ، چونکە ئەو جۆرە دەسەڵاتانە حساب بۆ رای گشتی و داواکانی هاووڵاتیانی خۆیان ئەکەن.

هەر بەم پێوانەیە ئەتوانین بزانین دەسەڵاتی کوردی هیچ بەلای دیموکراسیدا ئەڕوات یان نا.

هەرچی دەزگاکانی راگەیاندن هەیە، هەر بەڕۆژنامەو گۆڤار تا رادیۆو تەلەفزیۆن، تا سایتە ئەلکترۆنیەکان، هەر هەمووی باس لەگەندەڵی حکومەتی کوردی و دەسەڵاتی حزبی و کاری قۆرخکردن و پاوان کردنی هەموو شت ئەکەن، هەر هەموو باس لەوە ئەکەن کەئازادی بیروڕا نییە، هەر هەموو باس لەوە ئەکەن کەناعەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە، هەر هەموو باس لەوە ئەکەن کەبەرژەوەندی هاووڵاتیان لەبەرچاو ناگیرێ، هەرهەموو ناڕەزایی دەرئەڕن، (بێگومان ئەو هەر هەمووەی کەمن ئەیڵێم جگە لەدەزگاکانی خۆیانە کەزۆرنا ژەنی نیشتمانپەروەری و عەدالەتی ئەوانن و بەشەوو ڕۆژ درۆیان بۆ ئەکەن) کەچی ئەو هەموو وتنانە ئەڵێی بایەکەو بەلای گوێی ئەواندا ئەڕوات، کەواتە ئەوان دیموکراسی نین و فڕیان بەسەر دیموکراتیەتەوە نییە، کەواتە لێرەوە تێگەین کەهەموومان بەخۆشمەوە، تا ئەم نووسینەش، هیچ کارناکات بۆ دروستکردنی رای گشتی، خۆ ئەگەر کاریش بکات و هەموو بەیەکدەنگ لەهەواڵەوە تاریپۆرتاژو تا ستونی ڕۆژنامەنووسی و تاشیکردنەوەی رووداوو کێشەکان و تارەخنەو هەتا جنێوەکانیش کەهەموومان لەسەری کۆك بین و پێی بڵێین رای گشتی تەنها یەك چرکە ئەوان و وێژدانی ئەوان راناچڵەکێنێ و هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ، کەواتە ئەتوانم بڵێم ئێمە ئاسنی سارد ئەکوتین لەبەردەم یاسای جەنگەڵ و حوکمی قەرەقوشیدا. ئەمەش دەلالەتی ئەوەیە ئێمە کاری خۆمان کردووە وەك پێویست، بەڵام ئەوان گوێمان لێناگرن، کەواتە دیموکراسی نین و فڕیان پێوەی نییە، ئەگەر ئاوڕێکی بچووکیش بۆ دواوە بدەینەوە ئەبینین ئەوان بەشێوەی دیموکراسی نەهاتوونەتە پێشەوە، تا بەشێوازی دیموکراسی بەرەنگاریان ببینەوە، ئەوان لەڕێگەی کودەتاو گونجاندنی هەندێك بارودۆخی ناوخۆی عێراق و جیهان زەمینەی بۆ ڕەخساندوون، بۆیە لێرەشەوە ئەوە ئاشکرا ئەکەم سەنگەر گرتنەی ئێمە بەرامبەر ئەوان نەك بۆ لابردنیان، بەڵکو بۆ چاکسازی کارێکی ناڕاستە، ئەوەی بەدیموکراسی دەسەڵاتی گرتە دەست ئەکرێ بەدیموکراسیانەش لای بەرێت، بەڵام ئەوەی بەکودەتاو خوێن رشتن دەسەڵاتی گرتە دەست ئەبێ بەهەمان شێوە لابربێت و ئومێدی چاکسازی لێناکرێت. *سەرنوسەری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سلێمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.